# کێشەی کورد دوێنێ و ئەمڕۆ، مادەی 140ی دەستوور چی لێدێ؟
# ئایا کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە؟!

## بەشی چوارەم

جالێرەدا ئەمەریکا سێ ڕێگا لەبەردەمیدایە بۆئەوەی کێشەکان بخات بەلایەکدا ، یان ئەوەتا پەنابەرێتە بەر چارەدیپلۆماسییەکان و هەوڵوتەقەلا نێودەوڵەتییەکان ، وەکوو بەستنی کۆنفرانسێک یان کۆنگرەیەک کە زلهێزەکانی ترو دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی دراوسێی عێراق بەشداری تێدابکەن و بەرژەوەندی هەموولایەک پارێزراوبێت کە ئەمەیان زەحمەتە و وەکوو ئەوە وایە ئەمەریکا کاربکات و ئەوانیتر بەری ڕەنج و ماندوبوونی ئەو بخۆن ! ، یان ئەوەتا پەنابرێتە بەر جەنگ و دەست لە ئێران بوەشێنێ و لەوڕێگایەوە ئاشتی بەرقەراربێت و کێشەکان بخرێن بەلادا کە ئەویشیان گەرەنتی تێدانییە چونکە نازانرێ ئەنجامەکانی چۆندەبێت .

ڕێگای سێیەم ئەوەیە عێراق ببێتە سێ کیانی فیدرالی یان کۆنفیدرالی بەهێز لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و لەژێر سێبەری حکوومەتێکی لاوازدا کەلەمێژەوە قسەی لەسەردەکرێت و لەسەری دەنووسرێت و ڕاوبۆچوونیشی لەسەر ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە سەر ئاستی ناوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکا و دەرەوەی ئەمەریکا . ڕەنگە ئەمەریکا قەناعەتی بە دابەشکردنی عێراق کردبێت کە بە ڕەسمی دەرینابرێت و بە چارەسەرێکی باشی بزانێت چونکە دەزانێ پێوەلکاندنی سێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەیەکنەچوو کە 83 ساڵی خایاندووە و سەرینەگرتووە ،کارێکی هاسان نییە بۆلەمەودواش سەربگری و کارەکان و هەوڵوتەقەلاکان هەمووی هەڵدەوەشێتەوە ، بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر ئەم سێ کیانە سیاسییە بوون بە واقیع بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەوا لە هەنگاوی دووەمدا جیاکردنەوەی ئەمانە لەیەکتری بۆ سێ کۆماری سەربەخۆ کارێکی ئاسانتر دەبێت و ئەوەندە شیرە شیرێ لەسەر ناکرێت . بەهەرحاڵ لەیەکەم ڕۆژی هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بۆناو عێراق ، ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستان و ئیسلامەتوندڕەوەکانی دنیا و ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراقدا کۆبوونەتەوە و کاری تیرۆر ئەنجامدەدەن و هێزەکانی ئەمەریکاش بەشێکی گەورەی شەڕەکانی بەرکەوتووە ، لەولاشەوە شیعە و سوننە لە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆدا تێوەگلاون و دەستیان لە ئێخەی یەکتر بەرنەداوە و مەسەلەی بەرقەراربوونی ئەمن و ئاساییش کە یەکێکە لە کێشەکانی ئەمڕۆ هەتا ئێستاچارەسەر نەکراوە .

لەهەمووحاڵەتەکاندا ئەمەریکا شەڕی هەڵگیرساندووە بۆئەوەی بیباتەوە ، هاتوتەناوەوە بۆئەوەی بمێنێتەوە ، کێشەو ئاستەنگ و کۆسپەکان ئەو دەرناپەڕێنن لە عێراق و ناوچەکەدا وەکوو هەندێک بیری لێدەکەنەوە ، ئەمەریکا حەماڵی کەس نییە لەوپەڕی دنیاوە بێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕژێمێکی دکتاتۆری خوێنڕێژی وەکوو سەددام حسێن بروخێنێ و وڵاتەکە وەکوو هێلکەی پاککراو بداتە دەست میللەتەکەی و خوا حافیزی بکات ! ، هەروەها ڕێکخراوێکی خێرخوازیش نییە ، دەرمان و خواردن و پێخەف ببەخشێتەوە و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ، ئەمەریکا لەبەر خاتری چاوی کاڵی کەس نەهاتۆتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، نەخێر ! بەڵکو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی وای لەو کردووە کە هێزی سەربازی ڕەوانەی ئەملاولا بکات ، ماندوو ببێ ، خوێن بدات و بەدەیان ملیار دۆلار خەرج بکات . ئەوکاتە ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێ کە دۆستەکانی لەناوەوە بەدڵ و بە گیان بەرژەوەندییەکانی ئەو لەبەرچاو بگرن و بیپارێزن ، ئەمەیش ئەوکاتە دەبێت کەدەیان ڕێککەتننامە و پەیمانی ستراتیژی و ئابووری لە نێوان حکومەتی عێراق و ئەمەریکادا مۆرکرابێت .

هەموو ئەو فشارانەش کە دەخرێتە سەر ئەمەریکا لەلایەن دیموکراتەکانەوە ، هەمووی بۆ شەڕی هەڵبژاردنەکانە و بۆ ئەوەیە چارەی بوش و کۆمارییەکانی پێگران بکەن لەناوەوە ، ئەگەر دیموکراتەکان خۆیان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن ، ناتوانن لەوەی ئێستای بوش باشتر بکەن .

فشارە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی تریش هەمووی بڵقی سەر ئاون و هەموولایەک زۆرچاک ئەو ڕاستییە دەزانن کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق جگەلەوەی شەڕو ئاژاوەو پێکدادانی گەورە گەورە بە دوای خۆیدا دێنێ ، دۆڕاندن و کەوتنی دیپلۆماسییەتی ئەمەریکاشە لە ناوچەکەو دنیادا و ڕێگەخۆشکردنیشە بۆ ئەوانیتر کە بێن جێگای ئەم بگرنەوە .

### کێشەی کەرکوک و مادەی 140ی دەستوور

لەوەتی کوردستان دابەشکراوە بۆ چوار پارچەو ویلایەتی موسڵ ( کوردستانی باشوور ) بە زۆر لکێنراوە بە دوو ویلایەتەکەی تری بەغدا و بەسرەوە و دەوڵەتی عێراقیان لێپێکهێناوە ، لەوکاتەوە کەسایەتی کورد تووشی شکستێکی سیاسی گەورە بووە و زوڵمێکی مێژوویی گەورەیشی لێکراوە و گەلی کوردی بەرەورووی ناکۆکی و ململانێیەکی توندوتیژ کردۆتەوە لەگەڵ نەیارو دوژمنەکانیدا سەبارەت بە بەلاداخستنی کێشەی کوردستان کە کێشەی کەرکوک بەشێکی گرنگێتی و لێی جیانابێتەوە .

کێشەی کەرکوک لە عێراقدا بەتەنها نەوت نییە ، نەخێر بەبێ نەوت نەیارەکانی ئێمە هەموو بستێک نەک لە خاکی کەرکوک بەڵکو لەهاموو خاکی کوردستان بە خاکی نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دەدەن و کوردیش بە میوان دەزانن لەسەر خاکەکەی خۆی ، بەڵگە بۆ قسەکانم 83 ساڵی ڕابوردووە کە نەتەوە پەرستانی عەرەب ، شۆڤێنیستەکانیان ، چەپڕەو و مارکیسیستەکانیان ، نیشتمانپەروەر و دیموکراتخوازەکانیان ، نۆکەر و ئەڵقەلەگوێ و کۆنەپرستەکانیان ، شیعە مەزهەب و سوننە مەزهەبەکانیان ، ژەنەراڵەکانی ناو سوپایان .......تاد نەیانتوانیوە چارەیەک بۆ کێشەی گەلێکی چەند ملیۆنی بدۆزنەوە کە بەزۆر لکێنراوە بە عێراقی عەرەبییەوە . ئەم توێژانەی سەرەوە هەرچەند دەسەڵات کەوتبێتە دەستیان ، زۆر بێشەرمانە پەلاماری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانیان داوە و دەیان تۆمەتیشیان خستۆتە پاڵی ، وەکوو ڕێگر و کۆنەپەرست و دەرەبەگ ، ئەڵقە لەگوێی ئیمپریالیزم و سایۆنیزم ، نۆکەرانی ئێران و فارس ی ئاگرپەرست ، تێکدەرانی ڕیزەکانی پرۆلیتاریا و ئاشتی و دیموکراتی لە جیهاندا .......تاد ئەمە تەنها بۆئەوەی داوا ڕەواکانی گەلی کورد ڕەتبکەنەوە ، هەر لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی ( کە پێشتر دانیان پێدا ناوە ) هەتا دەگاتە سەر لامەرکەزی ، ئۆتۆنۆمی ، دواتریش فیدرالی .

لەدوای 2003/04/09 وە خەڵک چاوەڕوانی ئەوەیاندەکرد ئەمانە بە خۆیاندا چووبنەوە و لە ژوورەتاریکەکانی 83 ساڵ لەمەوبەر هاتبنە دەرەوە و بە گیانێکی نوێ و بیرکردنەوەیەکی پاکەوە هاتبنە مەیدان ، بەتایبەتی ئەوان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا بوون و بەشدارییان کردبوو لە کۆنگرەکانی لەندەن و سەلاحەدین و شوێنی تر و هەرچی لەوێدا بڕیاری لەسەر درابوو ، ئەمان پەسەندیان کردبوو ، جگەلەوە زۆربەی ئەمانە لەوڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکا نیشتەجێبوون و خوێندنیان لەوێ تەواو کردووە ، کەچی بەداخەوە ، بە پێچەوانەی دوێنێوە ،ئەوان بەشێنەیی لەهەموو شتێک پەشیمان بوونەوە و هیچ گۆڕانێکیش بەسەر تێگەیشتن و بیرکردنەوەیاندا نەهاتووە ، کردارەکانیشیان هەمووی دژی برایەتی کوردو عەرەبە کە زۆر کەس بانگەشەی بۆ دەکات !! .

کاتێک ئەنجوومەنی حوکم پێکهات بەسەرکردایەتی پۆل بریمەر ، دەیانوت ئەمە ئەنجوومەنی نۆکەرانە و سەر بە بێگانەیە و ئەوانە نوێنەری میللەت نین ، لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا وتیان پێشینە بڕیار لەسەر ڕەشنووسەکە دراوە و ئێمە بەشداری ناکەین لە نووسینەوەی ، کەکاتی هەڵبژاردنەکان هاتە پێشەوە ، وتیان ئەمە هەڵبژاردنێکی تایفی و مەزهەبییە و ئێمە لەسێبەری داگیرکردندا بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکەین ، کەدوایی ملیان ناو بەشدارییانکرد و ئەوەی ئەوان خەونیان پێوەدەبینی و بەتەمای بوون و نەهاتەدی ، وتیان هەڵبژاردنەکان فێڵ و ساختەی تێداکراوە و بڕوا بە ئەنجامەکانی ناکەین ، کەباس هاتە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کورد وەکوو سیستمی فیدرالی بۆ کوردستان ، کێشەی کەرکوک ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، بەشی کورد لە سامانە سرووشتییەکان ، زوبانی کوردی وەکوو زوبانی ڕەسمی ......تاد ئەمانە هاواریان لێهەڵسا و کردیانە شیرە شیر و شیوەن و گریان و وتیان ئەم داوایانە هەمووی بۆنی جیابوونەوە خوازی لێدێت و ئێمە پێی ڕازی نین چونکە عێراق بەرەو پارچە پارچە بوون دەبات !! ، دواتر هەر وازیان لە پەڵپ و بیانووگرتن نەهێنا و ئێستا پێماندەڵێن کوردەکان حوکمی عێراق دەکەن .

ئێستا لەوەتی مادەی 58 لە یاسای ئیدارەی کاتی عێراقدا کەدواترگۆڕدرا بە مادەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ، ڕێگایان خۆشکردووە بۆ چۆنێتی بەلاداخستنی پرسی کەرکوک ، لەوکاتەوە ناحەزانمان لە شۆڤێنیست و سەلەفییەکان ، ئارامیان لەخۆیان بڕیوە و سەری دنیایان لێهاتۆتەوە یەک و دەیانەوێ بەپشتی دەوڵەتانی عەرەب ، مەسەلە چارەنوسسازەکانی ئێمە بشێوێنن و تێکبدەن ، بەکارکردن بۆ نەخشەو پیلانە چەپەڵەکانیان و پەنابردنە بەر گۆڕینی هەندی مادە لە دەستووری هەمیشەیی عیراقدا کەلەگەڵ بیروباوەڕ و ئامانجەکانی ئەواندا جووتنابێ و بەلای ئەوانەوە بۆنی لەتوپەتکردنی عێراقی لێدێت . شیعەکانیش لەگەڵئەوەی حەز بە هەرێمێکی فیدرالی وەکوو ئەوەی کورد بۆ خۆیاندەکەن بەڵام لە بەلاداخستنی مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلەکەماندا جیاوازییەکی گەورەیان نییە لەگەڵ سوننەکاندا و دەیانەوی کێشە گرنگەکان بە هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە و پەلەی لێنەکرێ .

ئەوەتا لەماوەی ئەم چوارساڵەدا عێراق سێ سەرۆک وەزیرانی بەخۆوە بینیوە، کەچی هیچیان هەنگاوێکی جدی و لەباریان نەناوە سەبارەت بە چاسەرکردنی پرسی کەکوک و لەهەرجارێدا کۆمەڵێک کۆسپ و ئاستەنگیان بۆ کورد هێناوەتە پێشەوە بۆئەوەی مەسەلەکان ڕاوەستاو بمێننەوە و پێشکەوتن بەخۆیانەوە نەبینن . بۆنمونە ئێستا لەهەوڵی ئەوەدان کە فشاری زۆر بخەنەسەر ئەمەریکا بۆئەوەی مەسەلەچارەنووسسازەکانی ئێمە سەرنەگرێ و هەموو شتێک شێوەی بەناوەندیکردن و بەعێراقیکردن بەخۆوە بگرێ و لەدەسەڵاتی کورد و شیعە کەمبکەنەوە .

گرووپی بیکر- هملتۆن کە نوێنەری دیموکراتییەکان و کۆمارییەکان بوو ، لە ڕاپۆرتەکەیاندا لەکۆتایی ساڵی 2006 دا بۆ ئیدارەی بوش پێشنیاری ئەوەیانکردووە ڕیفراندۆم دوا بخرێت و کەرکوک نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ڕەنگە ئەمە لە خەمساردی سەرانی کورد و تەقەلای ناجوامێرانەی نەیارەکانی ئێمەوە، لەناوەوە و دەرەوەی عێراق هاتبێت ، هەندێجاریش باس لەوە دەکرێت کێشەی کەرکوک بەرەورووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتەوە بۆئەوەی لەوێ دیزەبەدەرخۆنەی بکەن و چۆنیان ویست وەها مامەلەی بکەن ! ، ناوبەناویش دەم لەوەوە دەدەن کە کەرکوک بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ ! ، ئەگەر ئەم تەقەلایانە سەربگرێ و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لێی بێدەنگبێت وەکوو لێی بێدەنگ بووە! ، ئەوا بە دڵنیاییەوە کەرکوکیش وەکوو موسڵ لێدەکەن و ناهێڵن بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و بەتەواوی لەدەستمان دەردەچێ و دەبێ نەوەکانی دوای ئێمە هەمووجارێک بڵێن: کەرکوک شارێکی کوردستان بوو لێیاندزین !!!

**عارف کەریم – ستۆکهۆڵم**
kadir_arif@hotmail.com

# دیکتاتۆرەکانیش دەمرن

سەدەی نوێ بە مەرگی دیکتاتۆرەکانی وەک میلۆسێویچ، پینۆشە و سەدام حسێن دەستی پێکردووە. پیاوانێک کە لە خۆشەویستی دەسەڵاتدا زێدەڕۆیەکی زۆریان کرد و سەرخۆشانە کەرامەت و پاکی مرۆڤایەتیان تێکەڵاوی نەفرەت و خوێن کرد.

مەرگی هەر دیکتاتۆرێک، بۆ داهاتووی دیمۆکراسی و پەرەسەندنی ئازادی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا مایەی ئومێدە و دڵخۆشییە، بەڵام زۆر کەس ئەم چەشنە مەرگانە دەبینن، بەڵام پەند و ئامۆژگاری لێوەرناگرن.

سەدام ماوەی 35 ساڵ لە ناو ترس و هەزاران پاسەواندا دەسەڵاتی لە دەستدابوو، بەڵام لە کۆتاییدا بە ئەو پەڕی سەرشۆڕی و بێدەسەڵاتی لە ناو چاڵێکدا هاتە دەرێ تا بە مێژوو بڵێت کە هێشتاش ژیانی خۆشدەوێت و ئەوەندەی جورئەت نەبوو خۆی بکوژێت یان بە دژی دوژمن بجنگێت. سەدام لە بەر چاوی زۆربەی خەڵکی ئێران بە هەڵە بە دوژمنێکی بەهێز و بە شکۆ دەهاتە بەرچاو، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە ئێمە لە بیرمان بچێتەوە کە هێزی ئازادیخوازی و هەقخوازی خەڵکی عیراق زۆر لەوە گەورەترە.

گەلی عیراق لە سەردەمی دەسەڵاتداری سەدام زیاتر لە هەر دوو گەلی ئێران و کوێت زیانیان بینی و بە هەوڵ و تێکۆشانێکی بەربڵاو و بە یارمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانییان سێبەری ڕەشی دیکتاتۆریان لە سەر خۆیان لابەرن.

ئەگەرچی ئەمە بە مانای کۆتایی هاتنی ئازارەکانی گەلی عیراق نیە، بەڵام هەوڵێکی زۆرە بۆ پاراستنی ئابروی مێژوویی گەلێک کە لە پێناو ئازادی تا سنووری لێکهەلوەشاندنەوە وە لە ناوچوون دەچێتە پێشەوە.

بێ شک ئازادی عیراق ڕەنگە نەتوانێ ببێتە میتۆدێکی باش، بەڵام بێگومان دەسپێکێکی مەزنە بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی دیکتاتۆرەکانی تری ناوچەکەو و جیهان.

### لە پشت روخساری دیکتاتۆرەکان

دیکتاتۆرەکان لە هەر جۆرێک بن لە روانگەی دەروونی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لێکدەچن. بە شێوەی گشتی هەموویان ئاشق و شەیدای خۆیانن و خۆیان زۆر لەوەی کە هەن گەورەتر دەبینن، لە هەمان کاتدا بە بچووکترین قسە و ڕەفتارێکی لایەنی بەرامبەر تورە دەبن و متمانەی خۆیان لە دەست دەدەن. دیکتاتۆرەکان هەرگیز بروایان بە شکست نییە و تا دوایین ساتەکانی دەسەڵات خۆیان دەنوێنن.

دیکتاتۆرکان هەرگیز نەرمی و نیان، خۆشەویستی، مێهرەبانی، لێبووردەیی، خۆراگرییان نییە و تەحەمولی بیستنی رەخنەیان نییە و بەردەوام حەزیان لێیە بە شان و باڵیان هەڵبەلێن و چەپڵەیان بۆ لێدرێت.

چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێ دەستگیری سەدامم لە سەر شاشەی تەلەفزیون بینی و پزشک خەریکی فەحسی دان و زاری ئەو بوو ، سەدام هەرگیز لەو سەدامە نەدەچوو کە فەخری بە عەرد و ئاسمان دەفرۆشت. هەڵسوکەوتی سەدام لە بونەوەرێکی خۆماڵی دەچوو کە دکتوری بەیتەری سەرقاڵی فەحسی بێت. لە چاوەکانیدا بچووکترین نیشانەیەک لە دەسەڵات نەدەبیندەرا.

لە راستیدا لە چاویی هیچ دیکتاتۆریکدا نیشانەیەک لە هێز و دەسەڵات نییە.لەوەی کە هەندێک لە مرۆڤەکان باسی نیگای دیکتاتۆر دەکەن وا نییە بو نموونە دەڵێن نیگای دیکتاتۆر قەڵەمی دەست و پێی ئینسان دەشکێنی، یان موی مرۆڤ سیخ دەبێت، یان نیگای دیکتاتۆر مروڤ دەکات بە ئاو، ئەمانە هیچیان پەیوەندی بە خودی دیکتاتۆرەوە نییە، بەڵکو ئەمە هەمان جل و بەرگی دەسەڵاتە کە ئەم هەیبەت و شکۆییەی دەداتێ. کاتێ دەسەڵات لە ناو دەچێت، کاتێ دیکتاتۆر سەرشۆڕ و سووک و ریسوا دەبێت ئەو کاتەیە خەڵک سیما و روخساری راستەقینەی ئەو دەبینن. هەر بۆیە زۆربەی ئێمە لەبینینی روخساری سەدام لە پاش دەستگیر کردنی سەرمان سوڕما. لە کاتێکدا سەدامی راستەقینە ئەوەبوو کەبینیمان، سەدامێک کە لە کونێکدا خۆی شاردبۆوە، لە کاتی دەستگیر کردنی سەدام زیاتر لە بونەوەرێکی ترساو دەچوو، چاوانی مەرئاسا چاوەڕوانی رەحم و بەزەیی دەکرد بەر لەوەی بیبەن بۆ قەسابخانە .

دیکتاتۆری یەکێ لە کۆنترین شێوازەکانی بەڕێوەبردنی حکومەتە کە لە رۆمای کۆن سەریهەڵدا. دیکتاتۆر لە راستی دا عینوانێک بوو کە لە پلە و پایەک رۆما وەرگیراوە. لە رۆما لە کاتی زەروور و باروودۆخی نائاسایی ئەنجومەنێک پێکدەهات و کەسێکیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕادەسپارد کە بەرپرسایەتی کاروبارێ و فەرماندەی کارێکی تایبەت لە ئەستۆ بگرێت. ئەو کەسە بۆ ماوەی 6 مانگ هەڵدەبژێدرا، بۆی نەبوو لە کاروباری دارایی وڵات دەستێوەردان و چاودێری هەبێت.

لە رۆمای کۆندا دوو دیکتاتۆر ئامادە نەبوون پاش تەواوی بوونی ماوەکەیان واز بهێنن کە دەتوانین ئاماژە بە **جولیوس سێزار** بکەین هەر ئەو کەسەی کە شکسپێر یەکێ لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی خۆی سەبارەت بەو نووسیوە. پیاوێک کە دەیویست باڵاتر لە یاسا بێت، بەڵام کەسە نزیکەکانی جولیوس سێزار لەپێناو یاسا و دیموکراسی ئەویان کوشت. پاش ئەوەی سێزار کوژرا رۆمانیەکان بڕیاریاندا بۆ ئەوەی پێش بە دیکتاتۆری و سەرهەڵدانی دیکتاتۆرەکان بگرن ئەنجومەنەکەیان هەڵوەشاندەوە و هەر بۆیە سێزار بە دوایی ترین دیکتاتۆرەکانی رۆما دەزانن و پاش ئەو دیکتاتۆری لە رۆما نەما.

پاش تێپەڕبوونی دیکتاتۆری کلاسیکی، دیکتاتۆری مۆدێرنە کە بە دەسەڵاتدارانی رەها ناویان دەرکردووە هاتە ئاراوە.

### دیکتاتۆرە مۆدێرنەکان بە چەند دەستە پۆلێن بەندی دەکرێن کە برتییە:

ئەو دیکتاتۆرانەی کە بە شێوەی بۆماوەیی و میراتی دەبنە خاوەنی دەسەڵات وەک هەندێک لە شا و میرەکان، ئەوانە مەشروعیەتی خۆیان لە بنەماڵەوەردەگرن نە لە خەڵک.

ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە ناو جەرگەی شۆرشەکاندا سەر هەڵدەدەن و مەشروعیەتی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ستالین و روبسپێر بکەین.

ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە باروودۆخێکی تایبەت دەسەڵات دەگرێتە و مەشروعیەتی خۆی لە چەک وەردەگرێت. زۆربەی ئەم گرووپە سەربازیی و سوپایین و لە نێوانی دیکتاتۆر و سوپا پەیوەندی هەیە و دیکتاتۆرەکان لە سەر ئەو پەیوەندی جەخت دەکەنەوە و زۆرجاریش خۆیان جل و بەرگی سەربازیی لە بەر دەکەن ، دەتوانین ناوی سەدام لە عێراق، فەرانکۆ لە ئیسپانیا و ستالین لە سۆڤیەتی پێشوو ببەین.

هەندێک دیکتاتۆر هەن کە ناو جەرگەی هەلبژاردەنەکاندا سەردەردێنن، مەشروعیەتی خۆیان لە یاسا وەردەگرن هەروەک هیتلەر لە ئەڵمانیا.

تاقمێک دیکتاتۆریش هەن کە بە هێزی ئایین و مەزهەب و لە ژێر پەردەی ئەوەی کە خوا ئەوانی هەلبژاردووە دەسەڵات دەگرنە دەست.

لە دنیادا ناوچەکەکانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا زۆرترین دیکتاتۆری بە خۆوە بیننیوە. ئەم دیکتاتۆرانە سەرەتا لەگەڵ گەلەکەیان بوون و بەدژی زاڵمان خەباتیان کردووە و خاوەنی ژیانێکی سادە بوون و بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵک دەسەڵاتیان گرتە دەست بەڵام پاشان ڕێگای خۆیان لە خەڵک جیاکردەوە و دەستیان کرد بە کوشت و کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و بێ تاوان و هەموو ئازادییەکانیان سنووردار و پێشێلکرد کە دەتوانین ئاماژە بە مۆسۆلینی لە ئیتالیا بکەین .

زیندانی دیکتاتۆرەکان پڕن لە خەڵکانێک کە نە چەکیان پێیە و نە هاوارێک دەکەن، بەڵکو بەردەوام بێدەنگن و دیکاتۆرەکانیش بەردەوام لەم بێدەنگییە دەترسن، چونکە بێدەنگی بەردەوام و لە ژێرەوە ستونەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان دەرووخێنێت.

**نووسینی: ش.م**

**و: جەواد حەیدەری**

سەرچاوە: ئینتەرنێت

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com